# بچووکترین سەگێک درێژی (١٦) سەنتیمەترە



ئەم سەگە بچووکترین سەگی جیهانە و لە جۆری سەگی (بۆدۆ)یە و ناوی لە مێژوو تۆمار کراوە لە بچووکی، درێژی دەگاتە نزیکەی (١٦) سەنتیمەتر ئەمەش جیاوازە لەم سەگانەی لەم تەمەنەن و بۆیە سەگێکی تاکە .. لە شاری ئۆکلاهۆمای ئەمەریکی بووە وهەر لە کاتی بوونی بەمشێوەیە بووە. ئەو دوو سەگەی ئەم سەگە لێ بووە شێوەی سرووستی خۆیان هەیە و تەنیا ئەم بەچکە سەگەیان بەم شێوەیە دەرچووە. ئەمەش لەوانەیە بە هۆی نەخۆشیە جینییەکان تووشی ئەم حاڵەتە هاتبێت، ئەم سەگە ناوی (بۆبی)یە.
بۆیە دەتوانیت لە ناو جانتاکەت دابنێیت و جێگەی دەبێتەوە، سەگێکی ئازایە بۆ بەرگری و پارێزگاری لە خاوەنەکەی دەکات، ئەمەو چەندین بڕەی پارەی زۆریان بە خاوەنەکەی داوە تاوەکو بیفرۆشێت بەڵام رازی نەبووە و دەیەوێت لەلای خۆی بێت..

## کەسانی ناوبانگی جیهانی هەڵبژێردران





ئۆپیرا وێنیفری

بۆ ساڵی (٢٠٠٧) گەورە ناودارانی جیهانی هەڵبژێردران و ناویان لە لیستێکی تایبەت دانراوە کە نازناوی ناوبانگی جیهانی دەربکەن، ئەمە بە پلەی یەکەم، (ئۆپیرا وێنیڤری) خاوەن گەورەترین ناوبانگە لەسەر ئاستی ناوبانگەکانی جیهانی بۆ رێزگرتن و ستایش کردن.. ئۆپێرا کاری پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی بە ناوی خۆی (Oprah) کە گەورەترین بەرنامەیە لە جیهان لە سەیرکردنی لە لایەن بینەری گشت جیهان.
ئۆپێرا نزیکەی (٥٠) ملیۆن دۆلاری پێشکەش کردووە بۆ کاری خێرخوازی و چارەسرکردنی ئەو نەخۆشیانەی ماوە خایەنن، لە دوای ئۆپێرا خانمە گۆرانیبێژ (باربرا سترایسند) بە پلەی چوارەم دێت کە ئەویش کاری خێرخوازی زۆر دەکات دواتریش یاریزانی گۆلفی جیهانی (تیگر ودز )...
هەروەها چەندین ئەکتەر و ناسراوی جیهانی ناویان لە لیستی ناودارانی جیهانی دێت وەک:
( مارتا ستیوارت - هەردوو کەپلەکەی هۆلیوود ، ئەنجلینا و براد پیت- نیکۆلاس کەیج)..




# مۆدەی پچڕکردنی جلوبەرگ



گەنجێک لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر لە رووی دەروونییەوە نەخۆشی هەیە و خەڵک بە (شێت) ناوی دەبەن و پێی دەڵێن (بەهادینە شێت) کە خۆی ناوی بەهادینە، جیرانی ئێمەن و لێمانەوە نزیکن..
ئەم برادەرە نەخۆشییەکی سەیری هەیە و ئەویش (رقی لە جلوبەرگ دەبێتەوە)..
کەسوکاری بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەن کەوا، جلی بپۆشن، بەڵام پچڕ-پچڕی دەکات و دەیکاتە کۆنە جل.
بەهاددین گەنجێکی زیرەکە و زیانی بۆ کەس نییە و تەنیا کاری جل دڕاندنە، ماڵی بەهاددین کەم دەرامەتن و ئەگینا چارەسەری هەیە و ئەگەر یارمەتی بدەن و چاک دەبێتەوە. جلەکانی بەهاددین ئێستا لە ئەورووپا مۆدێلە و بۆتە مۆدیەکی جوان، ئەگەر بەهاددین لە ئورووپا بووایە ئەوە جلەکانی بە ملیۆنەها

## وێنەی (١٣) سەربڕاوەکە.. عەلەشیش بوو



لە ژمارەی پێشووی گوڵان ئاگادرییەکمان بڵاوکردەوە، کە باسی وێنەیەک دەکات (١٣) سەربڕاوی تێدایە.. ئەمە وێنەکەیە کەوا (١٣) عەلەشیش سەربڕاون و دڵتان هیچ نەکات کەوا وابزانن مرۆڤە و سەربڕاوە، ئەمە یەکێکە لەم وێنانەی کە دڵی خەڵک تەنگ دەکات.. ئەم وێنەیە لە سەربڕاوگەیەک گیراوە و بۆ خۆشی بڵاودەکرێتەوە..

## (١٨٠٠٠) کەس بۆ وێنە و بەبێ جلوبەرگ



لە شاری مەکسیکۆ سیتی لە وڵاتی مەکسیک، بۆ گرتنی وێنەیەک (١٨) هەزار کەس بە بێ جلوبەرگ ئامادە بوون، لە گۆڕەپانی زۆکالۆ لە مەکسیکۆ سیتی..
ئەمەش لەلایەن وێنەگری ئەمەریکی سبینسر تۆنیک داوای ئەم کۆمەڵە خەڵکەی کردووە بۆ ئەوەی وێنەی مرۆڤ بگرێت بە بێ جل، وادیارە ئەمەش جۆرە وێنەیەکە و بەم دواییە لە هونەری وێنەگرتن پەیدابووە، کە ببێتە شتێکی سەردەم. ئەمەو تۆنیک توانی لە ساڵی (٢٠٠٣) نزیکەی (٧) هەزار کەس کۆبکاتەوە تاوەکو وێنە بگرن، لەم کەسانەی بەشداربووی وێنەکە بوون پیاوێکی (٣٠) ساڵانەی مامۆستای زانکۆ بوو لەگەڵ هاورێیەکی خۆی، دەڵێت: ئەمە کارێکی باشە و دوورمان دەکاتەوە لە کۆمەڵگەی داخراو، بەڵکو زیاتر لەلایەنی شەرمەوە دوور دەکەوینەوە، هەروەها جۆرە هونەرێکە و شتێکی جوانە..
وێنەکانیش لە کاتی بەیانی دەگیرێت و لەم کاتە هاتوچۆی ئاسمانی بەسەر ئەم شوێنە قەدەغە کرابوو، لە کاتی وێنە گرتنەکە خەڵک ئامادەی کەسانی وێنەکە بوون.